# زمانەوانی

دیار عەلی کەمال

سێیەمی کوردی

کۆلیژی پەروەردە–

زانکۆی سەلاحەدین

## زمانەوانی:

سەرەتا : لەبارەی دروستبونی زمانەوە چیرۆکی ئەفسانە ئامێزی زۆر هەن. بەڵام ئەوەی لە زانستدا ساغکرابێتەوە ئەوەیە کە دروستبونی زمان دەگەڕیتەوە بۆ توانای بەڕەمزکردن لای مرۆڤ. مرۆڤ بەسروشتی خۆی هەر لە سەردەمانێکی زوەوە توانیویەتی کەرەسەکانی دەوروبەری خۆی بە ڕەمز دابڕێژێتەوە و بیرۆکەکانی خۆیشی وەرگێڕێتە سەر ڕەمز . جا چ ڕەمزی دەنگی بن، جوڵەیی یان وێنەیی. بەهۆی ئەم توانستەی مرۆڤەوە کردەی گەیاندن گەشەیەکی زۆری بەخۆوە بینی و توانستی بەڕەمزکردنی شتەکان کردەی گەیاندنی پەرەپێداو بەرە بەرە ڕەمزاکان لەڕوی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە گەشەیان کرد و بەرەو ئاستێکی بەرزتری ئاڵۆزی ڕۆیشتن. گەشەکردنی کردەی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ ڕەمزدا بەدرێژایی مێژو کردەیاکی ئاسان نەبو ،چونکە هەم یەکەی بەکارهاتو(دەنگ،جوڵە و وێنە) گەڕدرا هەم ڕۆنانی یەکەکەش بەرەو ئاڵۆزی چو.

هەرچی سەبارەت بە چۆنییەتی پەیدابونی زمانە ، ئەوا بەپێی بۆچونە جیاجیاکان لەقۆناغەکانی تری خوێندندا باسکراون و لێکدراونەتەوە، هەموشیان لەو توانا ڕەسەنەی مرۆڤەوە دەستپێدەکەن کە هەیەتی بۆ بەڕەمزکردن و مرۆڤ لەپرۆسەیەکی بایۆ مێژویی ئاڵۆزدا زمانی داهێناوە و زمان بەخشش نییە.

ئەوەی کە لێرەدا جێگای بایەخ بێ، پرسیارکردنە لەسەر چییەتی زمان.

چەمکی زمان:

زاراوەی زمان ٢ واتای هەیە، واتایەکی تەسک و واتایەکی فراوان، ئێمە لەزمانەوانیدا زۆربەی کات خۆمان بەواتا تەسکەکەی زمانەوانییەوە دەبەستینەوە.

واتای فراوانی زمان بریتییە لە :

هەمو نیشانەکانی لۆجیک و ماتماتیک.....

زمانی ئەوانیدی(گیانەوەران) کە دروستتر ئەوەیە لە زمانەوانیدا پێی بگوترێ: سیستەمی پەیوەندیکردنی ئاژەڵان.

سیستەمەکانی بزاوتن وەک: جوڵەی دەست و چاو و تێلیگرافی کۆن ، .....

پەیڕەوە دەستکردەکان، واتە: زمانە دروستکراوەکان، ئەو زمانانەی سروشتی نین: مرۆڤێک یا چەند مرۆڤێک کۆدەبنەوە و لەناو خۆیاندا ڕێکدەکەون کە چەند هێمایەک بەرامبەر چەند واتایەک بەکاربهێنن، ئەمەش یان لەزمانی ترەوە وەریدەگرن یان لەسفرەوە دەستپێدەکەن.

زمانی مرۆڤ واتە زمانی سروشتی، کە بریتییە: لەو پەیڕەوە دەنگییەی کە مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا بەکاری دەهێنن بۆ مەبەستی دیاریکراو، ئەمەش هەمان واتاتەسکەکەی زمانە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

ئێمە لەوانەکانی ئایندەدا تیشک دەخەینە سەر ئەنتۆلۆجیای زمان و پێناسەکانی، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە هەمو ئەو هەوڵانی لەبواری پێناسەکردنی زماندا دراون نەیانتوانیوە ئەو گفتوگۆیانە کۆتای پێ بهێنن کە لەبارەی شوناسی زمانەوە لە ئارادان ، ئەمەش لەبەر ئەوەی زمان دیاردەیەکی مرۆڤانەی ئاڵۆزە و لەدیاریکردنی چەمک و پێناسەکەیدا پسپۆرانی بوارەکە لەناوخۆیاندا ڕێکنەکەوتنێکی ئاشکرا نیشان دەدەن. دیرە جیاوازی پێناسەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو ڕوانگانەی کە توێژەران لێیەوە سەیری زمانیان کردوە.

Robins,1979a,p9-14

Chomsky,1957, syntactic structures, p 13

فێردینان دو سوسور لە ١٩٣١ دا بۆیەکەمجار ئاماژە بەوە دەکە کە : زمان سیستەمێکە لە بەدوایەکداهاتنی کۆمەڵێک هێمای لەخۆوە، کە لەناوخۆیاندا کار لەیەکتری دەکەن. ئەم ئاماژەیەی سوسور لە مێژوی زمانەوانی نوێدا ڕوداوێکی گرنگە چینکە دواتر مانەوانی هەموی لەسەر پرەنسیپی لەخۆوەیی هێما، واتە : لەخۆوەیی پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو، دادەمەزرێ.

بەڕای سوسور هێمازمانییەکان بەشێوەیەکی هێڵی بەدوای یەکدا دێن و بەهای هەر هێمایەک لەو پەیوەندییەوە سەرچاوەدەگرێ کە لەگەڵ هێماکانی تردا هەیەتی و هەر هێمایەک کەرەسەیەکی دوڕوە و دوڕویی هێما لە هەردو لایەنی بەرجەستەیی(فیزیکی) و لایەنی ناوەرۆکی(واتایی) هێمادا ڕەنگدەداتەوە.

دەنگ

واتا

لایەنی فیزیکی

لایەنی نابەرجەستە

هێما

(ساپیر- ١٩٢١) دەڵێ: زمان بریتییە لە ڕێگەیەکی ناغەریزی مرۆڤانە بۆ گەیاندنی بیر و هەست و ئارەزو، لەڕێی کۆمەڵێ هێماوە کە بەئارەزو بەرهەمهاتون .

لایەنی سەرکەوتوی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە ساپیر کەرەسەکانی زمانی دیاری کردوە و ئاماژەی بەوە کردوە کە کەرەسەکانی زمان هێمان و جۆری هێماکەش بە ئارەزوییە، واتە پەیوەندی نێوان (هێما) و (هێمابۆکراو) پەیوەندییەکی بەئارەزوییە و کۆمەڵ لەخۆیانەوە ڕێککەوتون کە هێما_وشە_ یەکی دیاریکراو بەرامبەر واتایەکی دیاریکراو بەکاربهێنن. جگەلەوەی سەپیر لەپێناسەکەیدا ئامەژەی بە ئەرکی کۆمەڵایەتی زمانیش داوە. ساپیر یەکەم کەسە ئامەژەی بە هیماکردوە و کەرەسەکانی زمان(وشە ،فرەیز و ڕستە)کانی بە هێما داناوە. بلۆک و ترایگەر لە(١٩٤٢)دا ئاماژەبەوەدەکەن کە : زمان پەیڕەوێکە لەهیمای دەنگی لەخۆوە کەبەهۆیەوە کۆمەڵ دەتوانی هاریکاری بکا. لەم پیناسەیەدا کەرەسەی خاوی زمان بریتییە لە هێما ،دیسانەوە بلۆک و ترایگەر ئاماژە بەوە دەکەنەوە کە سروشتی هێما لەخۆوەیە ، درکییان بەو کردوە کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان وشەی_بەرد_ و سروشتی بەردا نییە، بۆیا کۆمەڵە جیاجیاکان وشەی چیاوازیان لەبەرامبەر ئەم کەرەسەیەدا داناوە، عەرەب حجر و فارس سەنگ و ئینگلیز Rockیان بۆ بەکارهێناوە.

هاڵ لە (١٩٦٨) دا دەڵێ: زمان دامەزراوەیەکە کە بەهۆیەوە مرۆڤەکان پەیوەندی دەکەن و لەگەڵ یەک کارلێک دەکەن، لەڕێی نەریتی بەکارهێنانی هێمای دەنگی-زارەکی لەخۆوە. لە پێناسەکەی هاڵدا زاراوەی کارلیک کردن هاتوە کە پلەیەک پاش هاریکاریکردنە و ئاماژەکردنە بە ئەرکێکی تری زمان لەروانگە کۆمەڵایەتییەکەوە، جگەلەوەی دەربڕینێکی وەک(هێمای زارەکی- دەنگی) خۆی لەخۆیدا تایبەتکردن و یەکسانکردنی زمانە بە ئاخاوتن، هەر لەم پیناسەیەشدا تیبینی ئەوە دەکرێ کە هاڵ وەک ساپیر زمان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینێ کە لەلایەن کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە بەکار دەهێنرێ بەمەش زمان دەبێتە بەشێک لە کەلتوری کۆمەڵگە، ئەمە جگە لەوەی تایبتمەندی (لەخۆوەیی) ی هێما دیسانەوە جەختی لێ کراوەتەوە.

ئەوەی لە پێناسەکەی هاڵدا مایەی سەرنجی جدی بێ زاراوەی نەریت()ە، کە بنەماکەی دەگەرێتەوە بۆ بۆچونی ڕەوشتکارەکان و هاوکێشەی (هاندەر و وەلامدەرەوە)، بەوپێیەی نەریت ڕەوشتەو ڕەوشتیش لەژێر کەریگەری هاندەری دەرەکیدا کار دەکا، زمان دەبێتە بەشێک لەو ڕەوشتە.

.

جەین ئەیجیسن(١٩٧٨) پێیوایە: زمان پەیڕەوێکی واتاداری پسپۆڕییە، کە لەوانەیە بەپێی بەرنامەیەک بێ لەگەشەکردندا لای مرۆڤ. لەم پێناسەیادا کە دەڵێ (بەپێی بەرنامەیەک بێ) مەبەستی ئەوەیە کە دەشێ غەریزی بێ واتە پەیوەندی بە بۆماوە وە هەبێ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە منداڵ دەتوانێ فێری زمانێک ببێ، زمانێک کە کۆمەڵ و دەوروبەر بۆی دیاری دەکا و مرۆڤ ئەگار لە کۆمەڵ دابیڕێ ناتوانێ فێری هیچ زمانێک ببێ . ئەیجدسن لەژێر ڕۆشنایی بۆچونەکانی چۆمسکییەوە باس لەم لایەنە دەکا و جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان دەکەوێتە أێر دو کاریگەرییەوە، کاریگەرییەکی بۆماوەی (غەریزی) و کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی .

ڕۆبنز (١٩٧٩) پێناسەیەکی ڕاستەوخۆی زمان ناکا بەڵکو ڕاستەوخۆ ئاماژەبەوە دەکا کە پێناسەیەکی لەمجۆرە بەبێ پێشگریمانەکردنو لەبەرچاوگرتنی هەندێ تیۆری گشتی زمان و شیکردنەوەی زمانی بێسود دەبێ. ڕۆبنز لەمەدا دروستە چونکە بەبێ دیاریکردنی ڕوانگە و بنەما بۆ پێناسەکردنی دیاردەیەکی ئاڵۆزی وەک زمان، هەر پێناسەیەک ناتوانێ گشتگیر بێ و هەمو دیاردەکە بناسێنێ و ماهییەتی بخاتەڕو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆبنز چەند ڕاستییەک لەبارەی زمانەوە دەخاتە ڕو بەوەی زمان: سیستەمێکی هێمایی لەخۆوەیە.

چۆمسکی لە (١٩٥٧) دا لەڕوانگەیەکی جیاوازەوە پێناسەی زمان دەکا ودەڵێ: زمان بریتییە لە کۆمەڵە کەرەسەیەکی بەکۆتا یان بێکۆتا ، هەریەکەیان درێژییەکی بەکۆتای هەیە و لەکەرەسەیەکی بەکۆتاوە دروست دەکرێن.

لەپێناسەکەی چۆمسکیدا زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ئەم ڕستەانە ئەگەر لە زمانی مرۆڤدا بن ، ئەوا بێکۆتان و بە پێچەوانەشەوە. ڕستەکانی زمان لەڕوی تێورییەوە کۆتاییەکی کراوە و لەڕوی پراکتیکییەوە کۆتاییەکی دیاریکراویان هەیە، چونکە لەڕوی تیۆرییەوە دەکرێ تا هەتا هەتایە ڕستەیەکی دیاریکراو بەهۆی زیادکردنی دیارخەرەکانەوە درێژبکەینەوە بەڵام لەڕوی تیۆرییەوە توانای دیاریکراو ئاخێوەر بۆ گۆکردن و توانای دیاریکراوی وەرگر بۆ گوێگرتن ڕیگە بە دروستبونی ئەم جۆرە ڕستەیە نادەن.

پێناسەکەی چۆمسکی دەڵێ ڕستە لە کۆمەڵە کەرەسەیەکی بەکۆتاوە دروست بوە ، لێرەشدا مەبەست فۆنیمەکانە کە لەهەر زمانێدا ژمارەیان کەم و دیاریکراوە و بەهۆی بنەمای (بەکارهێنانەوەی چەندجارە) وە بێکۆتا کەرەسەی لێ دروستدەکاین.

فۆنیم>>>مۆرفیم>>>>وشە>>>گرێ>>>> ڕستە ................

بەڕای چۆمسکی مرۆڤ خاوەنی توانستێکی ڕەسەنی زمانییە و بە پشتبەستن بەم توانستە چالاکی زمانی (ڕستەکانی زمان) بەرهەم دەهێنێ.

ئەم پێناسەیە لەڕوانگەیەکی ڕۆنانییەوە سەیری زمانی کردواو بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بە ئەرک نەکردوە ، چونکە بەلای چۆمسکییەوە زمان بونیادە و ڕێزمان بەرهەمی هێناوە.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە : ئایا دەکرێ زمان پێناسە بکرێ؟ یان چۆن لە سیستەمەکانی تری پەیوەندی جیادەکرێتەوە ؟ بە تایبەتی سیستەمی پەیوەندیکردنی ئاژەڵان. لەم میانەیەشدا چارلس هۆکێت ی زمانەوانی ئەمریکایی چەند تایبەتمەندییەکی زمان لەچێر ناونیشانی تایبەتمەندییە دایزاینییەکانی زماندا ریز دەکا، وەك هەوڵێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە.


Sapir, 1921, language , p8

Bloch &Trager ,1942 outline of linguistics analysis, p5

Hall,1968, essay on languag,p158


بەتایبەتی ڕەوشکارەکانی ئەمریکا